# تاکە شۆڕشی ڕادیکالانە. کۆمەڵ، منو تۆین، هەر ئەوان نین دووابەش) ک. عوسمان عومەر

بەدرێژایی مێژوو گەلێك گێژاو و دەردەسەری لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسی ڕوویداون. چەندین گێرمەو فەرتەنە هاتوون، دێنو دەڕۆن. بەداخەوە ئەوانە لامان شتێکی ئاسایی بووەو زۆر چاك لەگەڵی ڕاهاتووین. بەڵام ئەم فەوزایەیەی ئێستا لە سەرانسەری جیهان تێیداین بێ وێنەیەو لە ئەندازەبەدەر ترسناکە. جاران گومانمان نەبوو لەوەی تاوان تاوان بوو، کوشتن کوشتن، وەلێ ئیمڕۆ کوشتنو بڕینمان پێ ڕێگەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك کە پێمان وایە سوودبەخشە بۆ مرۆڤایەتی. کاتیخۆیماڵو سامانمان تاڵان دەکرد لە پێناوی ماڵو سامان، زەویوزارمان داگیردەکرد لە تاو زەویوزارو ئابڕووی یەکترمان دەتکان بە مەبەستی هەوەسبازی. کەچی ئیمڕۆ، ئیمڕۆ شەڕدەکەین لە پێناوی ئاشتی، هەرچی ئامرازی گڵاو سووك هەیە دەخەینە گەڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆزو مەزن، وە ناومان لە دڵپیسیو حەسوودی ناوە خۆشەویستی.

هەربۆیە ئێستامان دەکەینە قوربانی ئایندەمان. بەجۆرێك کە هیچ گرنگ نییە پێمان ئێستا چی دەکەینو چی بەکاردەهێنین، تەنها ئەوەی بایەخدارە لامان، بەدیهێنانی ئامانجە. (ئامانج) بووە بە گەیشتنگەی هەموو ڕەفتارێك. ئەو کارو کردەوانەی ئێستا دەیکەین، ئەگەرچی چتی بەدفەڕو ناڕەواو گەندەڵ بن، بۆ خزمەتکردنی مەبەستێك، بە ئایدیەك پەسەندی دەکەین. وە بەکارخستنی هەموو ئامرازێك، چەند ناڕەواجو کەساسیش بن، بە دروست دەزانین. وا ئێستا ئەو هێزە ڕووخێنەرەی فیکرو ئایدیمان ناسی، ئەمەش گەورەترین کارەساتو مەینەتییە لە مێژووی مرۆڤ: دەتوانین بە هەزاران کەس بکوژین، لەناوببەین، بۆ گەیشتن بە ئاواتو نیازێك. مێشکمان هێند پڕە لە بیروڕاو بۆچوون کە بۆ بە ڕەوابینینی گشت کارو ڕەووشتێکی بەدیش، شتێك هەر دەدۆزینەوە خۆمانی پێ هەڵخەڵەتێنین. هەربۆیە ئینسان هیچ نرخو واتایەکی نەمایە، ئەوەی گرنگە ئایدیۆلۆژیا، سیستمو بیروباوەڕە.
هۆیەکی تر هەیە وادەکات کە ئەم بارودۆخەی ئادەمیزادی ئەو سەردەمە وەك پێشوو نەبێت، ئەویش ئەو نرخە زۆرەیە کە بە شتو مەك، موڵكو سامان، پلەو پایەو ناوبانگیەتی دەردرێت، ئەو قیمەتە عەزیمەی بە ناو و گروپو نەتەوەو وواڵت دەبەخشرێت. ئەو شتانەی کە بەدەست یان بە فیکر دروستکراون لامان هێند بەهادارە، کە لە پێناویان یەکتری هەڵدەواسینو لە دڵەوە گۆشاوگۆش یەکتر سەردەبڕین. بۆیە هەتا دێ زیاتر لە مەرگ نزیك دەبینەوەو هەرچیەکی دەیکەین، هەموو کردەوە سیاسیەکانمان، هەموو چاالکییە ئابووریەکانمان، هەموو هەوڵێکمان بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، بۆ بەهەشتی خەیاڵ، زیاتر بەرەو نەمانمان دەبات. کۆمەڵ ڕاپێچ دەکات بەرەو کەندێکی قووڵی بێبن.
ئەی باشە چییە ئەوەی کە گۆڕینێکی ڕادیکالی، ڕاپەرینێکی بنچینەیی لە کۆمەڵگە دێنێتە کایەوە؟ وە ئەو شتە چییە کە دەبێت گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر دابێت؟ ئەو دنیایەی تێیداین تەنها ئەوە نییە کە دەورەی داوین. کۆمەڵ هەموو پەیوەندیەك دەگرێتەوە. وەك پەیوەندی نێوانمان، پەیوەندیمان لەگەڵ سرووشت و دیاردەکان. کۆمەڵ بێ پەیوەندی نابێت. جا ئەو پەیوەندیانە لەسەر بنامەی دۆستایەتی بن، بیانێتی یا دوژمنایەتی. هەر بۆیە کۆمەڵو ئەوەی لە کۆمەڵگە ڕوودەدات، وێنەدانەوەی خۆمانو باری دەروونمانە. شەڕوکوشتاریش وێنەیەکی خوێناوی پڕ کارەساتی ژیانی ڕۆژانەی

یەکیەکەمانە. ئەگەر دەڵێیت: کۆمەڵ بە منو تۆ ناگۆڕێت. دەڵێم: کۆمەڵ، منو تۆین. هەر بۆیە تاکو منو تۆ نەگۆڕێین، کۆمەڵ ناگۆڕێت. هەتا ئێمە خۆمان ئازاد نەکەین لەو هەموو ئایدۆلۆژیاو سیستمانەو واز لە پەرستن نەهێنین، بە هەموو جۆرەکانی وەك خۆپەرستی، شەخسپەرستی، نەتەوەپەرستی، گاپەرستی کە هەمووی هەر خۆپەرستییە، بەردەوام لە ناکۆکی دادەژینو لەو ژیانەی کە پڕە لە دەردەسەری، بێزاریو خەموخەفەت دەمێنینەوەوە. ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان دەروونی خۆمان نەگۆڕیین، ئەی کێ بیگۆڕێت؟ ئەگەر ئێستاو لێرە نەبێت، ئەی کەیو لە کوێ؟ خۆ هەرچەندی لە بەیانی تا ئێوارە دوعاو نوێژ بباریێنینو دەست بە ئەژنۆی خۆمان دادەین، بێدوودڵی هەر پەشێو و دەروون ووشکاوی دەمێنینەوە. وە تاکو گەشتیارێکی شارەزای دنیای ناوەوەی دەروونی خۆمان نەبینو بیرو ئەندێشەی خۆمان بە تەواوی نەناسین، بێگومان مەحاڵە لەم دنیایەی دەرەوە بگەینو بتوانین کارێکی وا بکەین کۆتایی بەو هەموو مەینەتی، ناکۆکیو ناتەباییە بهێنین. هەتا بەندی دەسەڵاتو باوەڕو نەتەوایەتی بین، لە شەڕو ڕقەدا دەژین. گەر (ئێستا) ش لە شەڕبین، (دوایی) ئاشتیمان بۆ ناهێنێت. چونکە هەموو کات، ئێستایە.

ئایا دەتوانین کۆتایی هەمیشەیی بەم گێژاوە بێهاوتایەی جیهان بهێنین کە بەرهەمی خەمو ئازاری یەکیەکمانە؟ ئەگەر دەڵێیت: نەخێر، ناتوانین. ئەی بۆچی دەخوێنیەوە، دەنووسی، بەردەوام بیردەکەیتەوە، بەدوای ئەو حیزبو ئەو ڕێکخراو ئەو باوەڕ کەوتووی؟ بۆ کات کوشتن؟ ئەگەر نەتوانی بەتەواوی کۆتایی بەو ژیانەی پڕە لە دژایەتی بهێنیت، ئەگەر هەردەم دڵ شپرزەو دەروون شێواو بیت، ئەسڵەن بۆ هەر بژی؟ تا من خودبین بم، ناعەدالەتیو نایەکسانی لە جیهان دەمێنێت. هەتا من لە واقعی ژیانم هەڵبێم، جا لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، حەقیقەت خەونێکی پڕو و پووچەو ژیانیشم درۆیەکی گەورە. تاکو دەرگەی بیروباوەڕو ڕاکانم ژەنگاوی بێتو نەکرێتەوە، مەحاڵە ئاسوودەییو سەربەستی وەژوور کەون. تا ئاسوودەیی، سەربەستیو ڕاستیش لە دەروونی خۆمان بوونی نەبێت، دەبا بە تەمای ئەوەش نەبین ئاشتی، ئازادیو یەکسانی لە جیهان سەقامگیر بێت. بۆیە هەر ئێستا ئاکارباشیەکی هێند بنچینەیی پێویستە، کە نەبەسترابێتەوە بە هیچ بنەمایەکی سابتی هیچ فیکرو سیستمو باوەڕێك. بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری، گیانی نوێخوازی و پێگەیشتنی ڕۆشنبیرییە توانای (ڕووانینی بێ خەوش) دەبەخشن. تەنها کاتێك منو تۆ وەك تاکەکەس ئاگامەندی هەموو بیروڕاو هەستو هەوەسێکمان بووینو لە دیتنی حەقیقەتەوە، شۆڕشێکی ڕادیکال، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە دەروونو ژیانی منو تۆ دروست دەبێت. ئەوسا دەتوانین کۆمەڵگەیەکی تازە بنیات بنێین، دوور لە ئاژاوەو کێشەو نەگبەتی. چونکە منو تۆ، کۆمەڵین.

---

لە نووسینی ئەم بابەتە (تاکە شۆڕشی ڕادیکالانە. ) ، بۆ مەسەلەی بەسەرهاتی مێژووی سوودم لە کتێبی (فەرهەنگی نوێ) وەرگرتووە.

k_osman_omer@yahoo. com